## ڕابەر بەختیار:

# هیوادارم ئەم یارییە بخرێتە نێو پرۆگرامی خوێندنەوە چونکە زیاتر زانستییە

یانەی خانزاد یەکێکە لە یانەکانی شاری هەولێر کە تایبەتمەندە بە یارییەکانی شەترەنج، لەم ناوەشدا خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایە کە پاشەڕۆژێکی زۆر باشیان هەیە لە ئاستی یارییە جۆراوجۆرەکاندا، ڕابەر بەختیارحەمەساڵح یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکە و لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٠ی شاری هەولێرە‌و ماوەی پێنج ساڵە لە ڕێگای یانەی وەرزشی خانزادەوە دەستی بە یارییەکانی شەترەنج کردوە، لە ماوەی یاری کردنیشی خاوەنی چەندین ئەنجامی بەرچاوە یەکێکە لەم یاریزانانەی کە پاشەڕۆژێکی پرشنگدار چاوەڕوانی دەکات ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.

***چـۆن بوو یاریی شـەترەنجت هەڵبژارد لە نێو ئەم هەموو وەرزشە جۆراوجۆرە؟**

- من لـە تەمەنی پێنج سـاڵیەوە حـەز و خولیام بۆئەم یارییە هەبووە و چونکە یارییەکی زانسـتییە و خانەوادەکەمان هەموویان خولیای زۆریان هەیە بۆ ئەم یارییە و لە نێو یارییەکەدان.

*** بە بۆچوونی تۆ وەکـو منداڵێك بۆچی زۆر جار منداڵ ئارەزووی یاریی شەترەنج دەکات؟**

- یارییەکە زانسـتییە وەکـو یارییەکانی تر نییە کە هێزی تێدا بەکار بهێنی و لێرەوە دەبێ عەقل کار بکات لـە بری هێز بۆیە زۆر کـەس هەیە نایەوێ توانای خۆی بە وەرزشی تر سەرف بکات روو لە یاریی شەترەنج دەکات و دەتوانێت سـەرکەوتنی گرنگ بەدەست بهێنێت.

*** ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینـی لە کوردسـتان و بەتایبەت لە شاری هەولێر؟**

-لە ئێسـتادا ئاسـتی ئەم یارییە لە تەواوی شارەکانی کوردستان بەرزبوونەوەی بە خۆیەوە بینیوە و هەموو یانەکان گرنگیی بە وەرزش دەدەن بەگشتی، لەشاری هەولێریش یانەی خانزاد تاکە یانەیە کە خزمەتی وەرزشـی شـەترەنج دەکات و ژمارەیەکی زۆری منداڵی شارەکەی لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە و خزمەتی باشی هەموو ئاستەکانیش دەکەن.

*** چـی بکرێت باشـە بۆ زیاتر گرنگیـدان بە یاریی شەترەنج و گەشە کردنی ئەم وەرزە؟**

- من وەکو یاریزانێك پێم باشـە یانەکانی تریش چاو لە یانەی خانزاد بکەن و بەردەوام خول بکەنەوە بۆ ئاستەکانی تەمەن، چونکە بە کردنەوەی خولی جۆراوجۆر ئاسـتی یاریزانـان زیاتر پێش دەکەوێت، هێنانی ڕاهێنەری بیانی و بەشداری کردن لە پاڵەوانێتیی دەرەوە ئەمانە هەمووی دەبنە هۆکار بۆزیاتر پێشکەوتنی ئەم وەرزشە.

***پێت باش نییە ئەم یارییە بکرێتە پرۆگرامی خوێندن و لە قوتابخانەکان بخوێندرێت؟**

- مـن وەکو یاریزانێك و هەم قوتابیش پێم باشـە ئەم یارییە بخرێتە نێو پرۆگرامی خوێندن چونکە زیاتر زانسـتە، لەم بڕوایەشـم یارییەکە زیاتر گرنگی پێ دەدرێت لەلایەن منداڵانیش بۆیە لە ماوەیەکی زۆر کورت ژمارەیەکی زۆر یاریزانمان دەست دەکەوێت.

*** کێشـەو گرفتتان چییە لە یانەی خانزاد؟**

- لێرەوە سوپاسی دەستەی کارگێڕیـی یانـەی وەرزشی خانزاد دەکەم

دیمانە: کارزان کانەبی



کەوا زۆر هاوکاریی یاریزانان دەکەن بەبێ جیاوازی.

***زۆر جار راهێنەری بیانی دێت و خول دەکرێتەوە، تا چەند سوودیان هەیە؟**

- بەش بەحاڵی خۆم زۆر سوودم لەم خولانە بینیوە و بەتایبەتی هاتنی ئەم راهێنەرە بیانیانە کە هەمووی بۆ بەرژەوەندی یاریزانانە و بۆئەوەی سوود لە ئەزموونی ئەوان وەربگرن خۆشم سوودم زۆر لێیان بینیوە بەهیوای ئەوەم راهێنەری زیاتر بهێنن.

*** ماڵەوە تا چەند هاوکاریت دەکەن لەوەرزش کردنت وەکو منداڵێك کە لە نێو وەرزشی؟**

- دەمەوێ سوپاسی خانەوادەکەم بکەم کە ئەوان رۆڵی کاریگەریان بینیوە لە پێگەیاندن و خزمەت کردنی من.

*** زۆر جار وەرزش و خوێندن لە پاڵ یەکتری دەکەی، هیچ کات کێشەت بۆدروست ناکات ؟**

- تاکو ئێستا کێشەم بۆدروست نەبووە، چونکە کاتەکانی خۆم بە شێوەیەکی باش دابەشکردووە.

*** بەچ یاریزانێکی شەترەنجی جیهانی سەرسامیت؟**

- بە یاریزان کرامسنیك کە یاریزانێکی زۆر بەتوانایە لە یاریی شەترەنج و پاڵەوانی جیهانی بووە.

*** حەز دەکەی بەشداری پاڵەوانێتی جیهانی بکەی؟**

- بەهیوای ئەوەم بتوانن لە پاڵەوانێتیی نێودەوڵەتی بەشداربم لە داهاتوو بۆ گرنگی دانی زیاتر بە ئاست و توانای خۆم.

*** ئایا لە کوردستان وەکو پێویست گرنگی بەم یارییە دەدرێت؟**

- بەڵێ وەکو پێویستە و سوپاسی یەکێتیی ناوەندیی شەترەنجی کوردستان دەکەم، بەهیوای ئەوەشم گرنگیی زیاتر بەم یارییە بدرێت و منداڵان هان بدرێت بۆ هاتنە نێو ئەم یارییە.

*** پەیامت چییە بۆ ئەو منداڵانەی کە لەم یارییە دوورن؟**

- بەهیوای ئەوەم ئەوانیش بە زووترین کات بێنە نێو یارییەکانی شەترەنج و بۆئەوەی خزمەتێکی باش بە شارەکەیان بکەن لە داهاتوودا.

*** هیواو ئاواتت وەکو منداڵێك لەم یارییە؟**

- هیوای من ئەوەیە بەردەوام بم وخزمەتی کوردستان و نیشتمانی خۆم بکەم لە داهاتوو لەرێگای وەرزشەکەم.

*** ئەگەر لە کۆتایی شتێکت مابێت ؟**

- تەنیا دەمەوێ سوپاسی ئێوەی خۆشەویست بکەم کەبەم شێوەیە گرنگیی بە وەرزش دەدەن و خزمەت کردنی منداڵانیش لەسەر هەموو لایەك پێویستە بۆزیاتر هاندانیان بۆوەرزش کردن.




# کوڕانی سەورە نازناوی جۆدۆی کوردستانیان بەرز کردەوە

**وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی و بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بە یارییەکانی جۆدۆ و بۆ خزمەت کردنی لاوانی یانەکانی کوردستان، لە شاری سلێمانی بەسەرپەرشتیی یەکێتیی ناوەندیی جۆدۆی کوردستان و بە چاودێریی لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی دوو رۆژ بەبەشداریی ١٢ یانەی شارەکانی کوردستان پاڵەوانێتیی لاوانی جۆدۆی یانەکانی کوردستان بەرێوەچوو، لە پاڵەوانێتییەکەشدا یاریزانانی بەشداربوو لە یانەکانی کوردستان ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد وبۆماوەی دوو رۆژ کێبڕکێیان دەکرد لەسەر بەدەست هێنانی پلەکانی پێشەوەی ریزبەندی یانەکان، کوڕانی یانەی سەورەی شاری کەرکوك لە ئاستەکان توانیان ململانێ لەگەڵ سەرجەم یانە بەشداربووەکان بکەن لەسەر بەدەست هێنانی نازناوەکە و سوورن بۆ بەرز کردنەوەی ناوی شاری کەرکوك و سەرئەنجامیش ئامانجەکەی خۆیان هاتەدی بە بردنەوەی نازناوی پاڵەوانێتییەکە، ئەمەش ئەنجامی تیپەکانە.**

**١-سەورە**

**٢-سێمێل**

**-ئارارات**




# بەرشلۆنە چاوی لە تواناکانی جاکسۆنە

بەڕێوەبەری هونەریی یانەی بەرشلۆنە تاتا مارتینۆ رایگەیاند دەچێتە کێبڕکێوە لەپێناو بەدەست هێنانی تواناکانی یاریزانی کۆلۆمبی و یانەی بۆرتۆی پورتوگالی جاکسۆن مارتینیز.ئەمەش لەکاتێکدایە هێرشبەری ناوبراو ماوەیەك بەر لەئێستا رایگەیاند ئارەزوو دەکات یانەکەی جێ بهێڵێت و بەرەو یانەیەکی تر بڕوات بەم هۆیەشەوە یانە بەناوبانگەکان کەوتنە کێبڕکێ لەپێناو بەدەست هێنانی تواناکانی ئەم یاریزانە.

لە لای خۆیەوە راهێنەری یانەی تشیلسی مۆرینهۆ دەربارەی یاریزانی ناوبراو رایگەیاندوە ئارەزوو دەکەم تواناکانی جاکسۆن مارتینیز بەدەست بهێنین، لەلایەکی ترەوە راهێنەری ئارسنال ئەرسین فینگەر بەهەمان شێوە رایگەیاند کۆشش دەکەین بۆ کڕینی ئەم یاریزانە، کارلۆ ئەنشلۆتی راهێنەری ریال مەدریدیش دووپاتی کردەوە سوود لەتواناکانی ئەم یاریزانە دەبینن، هەروەها راهێنەری یانەی بەرشلۆنە هاتە نێو کێبڕکێکردن لەسەر بەدەست هێنانی ئەم یاریزانە.

شایانی وتنە راهێنەری یانەی بەرشلۆنە پێشتر لەلێدوانێکدا رایگەیاندبوو مەبەستیانە هێڵی هێرشبردن پتەوتر بکەن و بەپێی راپۆرتە سەرەتاییەکانیش وا بڵاو بۆتەوە کە بەرشلۆنە لەهەوڵی واژووکردنی گرێبەستە لەگەڵ یاریزانی برۆسیا دۆرتمۆد لیڤاندۆفسکی یاخود یاریزانی یانەی تۆتنهام بیرباتۆف.

# گالیانی دووپاتی کردەوە کە شەعراوی میلان جێناهێڵێت

جێگری سەرۆکی یانەی ئەی سی میلانی ئیتالی ئەدریانۆ گالیانی دووپاتی کردەوە ئەستێرەی لاوی یانەکەی ستیڤان شەعراوی یانەی میلان جێ ناهێڵێت و ئەو دەنگۆیانەی بڵاویش بوونەتەوە دوورن لەراستی.لەمبارەیەوە گالیانی لەلێدوانێکیدا بۆ پێگەی سپۆرت مۆڵ رایگەیاندووە هەرچەندە بەڕێوەبەری هونەریی یانەیەکی بەناوبانگ پەیوەندی پێوەکردووم دەربارەی گواستنەوەی شەعراوی منیش بەیاریزانی ناوبراوم راگەیاند، بەڵام شەعراوی بەنەخێر وەڵامی دایەوە واتە لەمیلان دەمێنێتەوە.هەر لەدرێژەی قسەکانیدا جێگری سەرۆکی یانەی میلان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ستیڤان شەعراوی یاریزانێکی بەتوانایە و پێش ئەوەی بالۆتیلی بێت خزمەتێکی چاکی یانەکەی کردووە، بەڵام لەدواییدا بەهۆی پێکانەوە یانەکە بێ بەش بوو لەتواناکانی شەعراوی و دی چیلیۆ. پێویستە بوترێت لە ئێستادا یانەی ئەی سی میلان ئەنجامەکانی وەك پێویست نییە وله ریزبەندی ١٣ وەرزی ئەمساڵی خولی ئیتالیایە.





# فرانک ریبێری بڕوای تەواوی هەیە که تۆپی زێڕین دەباتەوە

ئەستێرەی هەڵبژاردەی فەڕەنسا و یانەی بایرەن میونیخی ئەڵمانی فرانك ریبێری ئاماژەی بەوە کردووە که بڕوای تەواوی بەخۆی هەیە ببێتە باشترین یاریزانی جیهان بۆ ساڵی ٢٠١٣ و تۆپی زێڕین بەدەست بهێنێت. ئەمەو پێگەی سپۆرت مۆل لەزاری ریبێری بڵاویکردۆتەوە که دڵنیایە لەوەی ئەو ئاستەی پێشکەشی کردووە دەتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و ببێتە خاوەن تۆپی زێڕین، هەروەها ئەستێرەی ناوبراو روونیکردۆتەوە گەر چاوێك بە ژمارەکانی ئەمساڵدا بخشێنینەوە ئەوا دەردەکەوێت کەجیاوازییەکانی زیاترە لەجارێك و مەرج نییە لەهەموو یارییەك گۆڵی تۆمار کردبێت، بەڵکو سەرچاوەی مەترسیی بووە بۆ سەر بەرگریکارەکان.

هەروەها ریبێری بە کریستیانۆ رۆناڵدۆ کۆتایی بەقسەکانی دێنێت و دەڵێت نکۆڵی لەوە ناکرێت رۆناڵدۆ گۆڵی لەمن زیاتر تۆمار کردووە، بەڵام من بەهەمان شێوازی ئەو یاری ناکەم.

شایانی وتنە لە ١٣ی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠١٤ باشترین یاریزانی جیهان بۆ ساڵی ٢٠١٣ لە زیوریخی وڵاتی سویسرا دەست نیشان دەکرێت.





# ئەنشلۆتی پێکهاتەی خەونەکانی راگەیاند

راهێنەری ئیتالی یانەی ریال مەدرید پێکهاتەی خەونەکانی ساڵانی رابردووی لەلای خۆیەوە راگەیاند. ئەمەو لەمیانەی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ رۆژنامەی تایمزی بەریتانی رۆژنامەی ناوبراو داوای لە ئەنشلۆتی کرد پێکهاتەیەك دەست نیشان بکات لەو یاریزانانەی مەشقی پێداون بەمەرجێك دەستبەرداری یاریزانانی ریال بێت کە لەیەکەم وەرز لەگەڵ ئەنشلۆتین. ئەمەو لای خۆیەوە پێکهاتەی خەونەکانی بەلای خۆیەوە بەمشێوەیە رایگەیاند: ( بۆفۆن گۆڵپارێز، کافۆ و جۆن تیری و ماڵدینی و تیاگۆ سلڤا بۆ هێڵی بەرگری هەریەك لە پیرلۆ و لامباردو زیدان و کاکا بۆ هێڵی ناوەراست سەبارەت بە هێڵی هێرشبردنیش ئەو راهێنەرە هەریەك لە ئیبراهیموڤیتش و شیفشینکۆی دیاریکرد. سەبارەت بەو دەرفەتەی رۆژنامەکە پێی دا بۆ یاریزانە یەدەگەکان راهێنەری ناوبراو پیتەر چیك بۆ گۆڵپارێزو نیستاو ئاشلی کۆڵ بۆ بەرگری و گاتۆزو سیدرۆف بۆ ناوەڕاست و ئەنزاگی و درۆگبا بۆ هێرش بردن وەك یاریزانانی یەدەگ دەست نیشانکرد.

# هەولێر گرێبەستی لەگەڵ دوو یاریزانی پایسکلسواری مۆرکرد

لە بارەگای یانەی هەولێر بەفەرمی تیپی پایسکلسواری یانەکە گرێبەستی لەگەڵ دوو یاریزانی لاوی شاری هەولێر مۆرکرد بۆ ئەوەی لە وەرزی داهاتوو لە ریزی یانەکە یاری بکەن.

دوای رەزامەندیی راهێنەری یانەکە عەبدولقادر نورەدین و بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی یانە مەحمود عەزیز بەفەرمی یانەی هەولێر گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی هەڵبژاردەی لاوانی عێراق و یانەی برایەتی هونەر عەبدولستار مۆرکرد بۆ ئەوەی لە ریزی تیپی یەکەم-ی یانەکە بەشداری لە پاڵەوانێتییەکان بکات. هەروەها بە رەزامەندیی راهێنەری تیپی لاوان موسی موحسێن بەفەرمی گرێبەست لەگەڵ یاریزانی پایسکلسواری هەڵبژاردەی لاوانی عێراق و یانەی برایەتی ئەبو بەکر سدیق مۆرکرا بۆ ئەوەی لە ریزی تیپی لاوانی یانەکە بەشداری لە پاڵەوانێتییەکان بکات. ئەم دوو یاریزانە لە پاڵەوانێتییەکانی عێراق و کوردستان ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد و دوا رۆژێکی گەش چاوەڕوانیان دەکات. جێگەی باسە یانەی هەولێر توانی لە پاڵەوانێتی کوردستان پلەی یەکەم بە دەستبهێنێت و لە پاڵەوانێتی عێراق پلەی دووەم بە دەستبهێنێت.




## خولی ناوبژیـ



# کوڕانی برایەتی و کچانی شەق

لە شاری سلێمانی یارییەکانی قۆناغی دووەمی خولی نایابی تۆپی سەرمێزی یانەکانی کوردستان بۆ کوڕان و کچان، کە تیاییدا یانەی برایەتی بۆ کوران و یانەی شەقلاوەش بۆ کچان پلەی یەکەمی پاڵەوانێتیەکان بۆ خۆیان مسۆگەر کرد.

وەرزی ئەمساڵی خولی نایابی تۆپی سەرمێزی یانەکانی کوردستان بەبەشداری (١٠) یانە (سلێمانی، پێشمەرگەی سلێمانی، ئاشتی، هەڵەبجە، سیروانی شارەزور، برایەتی، ئەکاد، دهۆك، زێرەڤانی، سۆلاف) ئەنجامدرا و قۆناغی یەکەم بە ٢ گردبونەوە بەڕێوەچوو، یەکەمیان لەشاری هەولێر و دووەمیان لەشاری دهۆك ئەنجامدرا، قۆناغی دووەمیش بەیەك گردبونەوە ئەنجامدراو تەواوی یاریەکانی لەشاری سلێمانی بەڕێوەچوو.



## ـــــــوانی جومناستیک لەشاری دهۆک بەڕێوەچوو

بەچاودێریی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردســـتان بەسەرپەرشتیی یەکێتیی ناوەندیی جومناستیکی کوردستان خولی ناوبژیوانی لە شاری دهۆك بەڕێوەچوو.
لەمبارەیەوە عەبدولرەحمان ئادەم سکرێتری یەکێتیی ناوەندیی جومناستیکی کوردستان لە لێدوانێکیدا گوتی: بەڕێوەچوونی ئەم خولە بۆ ناوبژیوانانی تازە دەســـت بەکاربووەکانی شاری دهـــۆك بۆ کوڕان و کچان ئەنجامـــدرا و ٢٥ ناوبژیوان تازە دەست بەکاربوو بەشداریان تێیدا کردبوو، بەمەبەستی زیاتر پێشـــکەوتنی ئاســـتی ناوبژیوانی و پێشکەوتنی ئاستی وەرزشی جومناستیك لەم شارە خولەکە بەڕێوەچوو.
ســـالانە یەکێتیی ناوەندیی جومانســـتیکی کوردســـتان لەپەیڕەوو پرۆگرامی خۆی خولی ناوبژیوانی و بەهێزکردن بۆ ناوبژیوانان بەڕێوەدەبات بەئامانجی زیاتر ئاشـــنابوون بەیاساکان و پێشکەوتنی ئاستی وەرزشی جومانستیك.

## ـــــلاوە بوونە پاڵەوانی کوردستان

ئەنجامی کۆتایی لەسەر ئاستی کوڕان بەمشێوەیە بوو.
١-یانـــەی برایەتـــی، ٢- یانەی ســـلێمانی، ٣- یانەی پێشمەرگەی سلێمانی.
لـــە هەمان کاتدا هـــەردوو یانەی زێرەڤانی و ســـیروانی شـــارەزوور بۆ خولی پلە یەك دابەزین، پێشـــتریش هەردوو یانەی ســـیروانی نوێ وقەڵای تورکمـــان پلەکانی یەکەم و دووەمی خولی پلە یەکیان بردبووەوەو ســـەرکەوتنیان بۆ خولی نایاب مسۆگەر کردبوو.
لەســـەر ئاستی کچان ١٠ یانە بەشـــداری کردبوو ئەویش هەریەکە لە یانەکانی (شـــەقڵاوە، ئەفرۆدێت، ســـۆلاف، ســـۆلاڤی نوێ، ســـەرچنار، فەتاتی کەرکـــوك، دهۆك، کەیوان، ئـــەکاد، کەرکووك) بە بڕیاری یەکێتی تێنســـی سەرمێزی کوردستان هیچ یانەیەك بۆ خولی پلە یەکەکانی کوردستان دانابەزێت، ئەنجامی کۆتایی بەمشێوەیە بوو.
١-یانەی شەقڵاوە، ٢-ئەفرۆدێت، ٣- سۆلاف.



## باسکەی ناوەندی وەرزش و لاوانی هەولێر سەرکەوت بۆ قۆناغی کۆتایی

دوای ئـــەوەی پاڵەوانێتیی تۆپی باســـکەی ناوەندەکان لە سنووری پارێزگای هەولێر لەسەر ئاستی کوڕان بۆ لاوان دەســـتی پێکرد، تیپی لاوان/ ناوەنـــدی وەرزش و لاوانی هەولێر توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات لە سێ یاریدا سێ ســـەرکەوتن تۆمار بکات و خۆی بگەیەنێتە کۆتاییەکانی ئەم خولـــە. لە یەکەم یاریی خۆیدا توانی سەرکەوێت بەسەر ناوەندی وەرزش و لاوانی کۆیە بە ئەنجامـــی (٤٣-١٥) خاڵ و لە یاریی دووەم توانـــی لە ناوەندی وەرزش و لاوانی دارەتوو بباتەوە بە ئەنجامی (٥٩-٤٠) خاڵ و لە ســـێیەم یاری توانی لە ناوەندی وەرزش و لاوانی بنەسڵاوە بباتەوە بە ئەنجامـــی (٤١-٢٠) خاڵ. چاوەڕوان دەکرێت لە ئایندەیەکـــی نزیکدا کۆتاییەکانی ئەم خولە بەڕێوەبچێت. لەمباریەوە دڵشـــاد حوســـێن بەڕێوەبـــەری ناوەنـــدی وەرزش و لاوانی هەولێر گوتی: خۆشـــحاڵین بەو ئاســـت بـــەرزەی، کە تیپی تۆپی باســـکە پێشکەش-ی کردووە ئەمەش بۆ ماندووبوونـــی ڕاهێنەر و سەرپەرشـــتیاران و یاریزانانی تیپەکە دەگەڕێتەوە و هیواداریین بتوانین نازناوی پاڵەوانێتییەکە بە دەستبهێنین. لە درێژەی قســـەکانیدا دڵشاد حوســـێن گوتی: لە ناوەندی وەرزش و لاوانـــی هەولێر جگە لە تۆپی باســـکە یارییەکانی تۆپی دەســـت و بالە و جومناســـتیك و کاراتـــی و تایکواندۆ و جـــۆدۆ و تۆپی پێ و تێنســـی سەرمێز و تێنسی سەر زەوی بۆ کوران و کچان ئەنجام دەدرێت، هەروەها خولی بەردەوام بۆ دوورمان و سەرتاشـــین و کۆمپیوتەر و فێربوونی زمانی ئینگلیزی و خۆشنووسی دەکەینەوە، کە وا بڕیارە لە (٢/١٢/٢٠١٣) خولەکان دەســـت پێبکەن و نانووســـین کراوەیە بۆ ئارەزوومەندان.

